بیست ساڵ لەتەمەنی پاشماوەی ئەنفال کراوەکان تێپەڕدەبێ

ئەنفال ناوی پرۆسەیەکی سەربازی و سیاسی بەرنامە بۆدارێژراو بوو کەحزبی بەعس بەپاڵپشتی ئایدۆلۆژیایەکی نەتەوە پەرستانەو لەژێر پاساوی ئاینی ئسلام دا پێی هەستا، دژی نەتەوەی کورد، لەپێناو سرینەوەی سەرجەم بنەما مێژوویی و جوگرافی و کلتوری و ئابووریەکانی نەتەوەی کورد، کەواتە ئەو پرۆسەیە بەنیسبەت بەعسەوە بڕیارێکی کتوپڕو بەپەلە نەبوو هەتا بەهەڵەدابنرێ ، بەڵکو خەونێکی دێرین و ئاواتێکی لەمێژینەی عەرەبە بەعسیەکان بوو، سەرچاوەکەشی بۆسالانێکی پێش ئەو پرۆسەیە دەگەڕێتەوەو بەڵام بەدوای هەندێ بەڵگەو بیانوی پرۆپوچ و بێ مانادا دەگەران هەتا خۆیانی پێ بگەیەنن بەلوتکەی درندایەتی و نامرۆڤایەتی لەجیهاندا، چونکە بەعس پەروەردەی دەستی فاشیزم و سۆپەرمانی عەرەب بوو .

ئەنفال کە وشەیەکی عەرەبییەو کۆمەڵێ مانای جیاوازی هەیە، کەهیچیان بەسەر مرۆڤدا جێبەجێ نابن، چونکە تەنها بۆکەرەسەو بێ نرخ و بەهاکان دەوترێ نەک بۆ مرۆڤ کەزیندووە .

ئەنفال لەلایەک بەمانای فەوتاندن و لەژێر خاکنانی کەلوپەلی بێ کەڵک دێ لەلایەک بەمانای غەنیمەت دێت، بەهەرمانایەک لەوانەی سەرەوە بەکار بهێنرێ نابێ بەسەر خودی مرۆڤدا بەکاربهێنرێ، بەڵام مادام بەعس ئەو کارەی کرد کەواتە کوردی بەکەرەسەو کەلوپەل و شتی بێ کەڵک زانیوە نەک مرۆڤ، بۆیە ئەوبریارەی بەسەردا داوە، بەوەش پەیوەندیەکی (جەلادانە)ی لەنێوان خۆیی و کورد دا کەخاڵی بوو لەرووی بەزەیی و مرۆڤایەتی کەبەهیچ شێوەیەک مرۆڤی وەکو مرۆڤ تەماشا نەکردووە .

ئێستا بیست ساڵ بەسەر ئەنجامدانی ئەو تاوانە گەورەیەدا تێپەڕی کردووەو هێشتا چ لەناو دەسەڵات و چ لەناو زۆربەی خەڵکیدا سنوری سۆزو عاتیفەی نەبەزاندووە و نەچۆتە قاڵبێکی زانستی و یاسایی یەوە، هۆکارەکانیشی زۆرن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دوو هۆی سەرەکی گرنگی هەیە ، یەکەمیان ئەوەیە کە دەسەڵاتی کوردی کەمە، دووەمیشیان بەدەستەوە نەگرتنی کاروباری ئەنفالەکانە لەلایەن خودی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانەوە، تا راپەرینی ١٩٩١یش عارەقیان بۆکورد نەکردووەو ئیتر چۆن لەمعاناتی ئەوان تی دەگەن، بۆئەوەی ئەو یادەوەریە تالانە تەنها لەلای خەڵک نەمێنێ و لەگەڵ خۆیاندا نەیبەنە گۆڕ و پێویستە تاک بەتاکی پاشماوەکانی ئەنفال خاڵی بکرێنەوەو زانیاریەکانیان بەشێوەیەکی یاسایی و سیاسی و هونەری و ئەدەبی تۆمار بکرێن، هەموو بوارەکاندا چاکسا زی و جوانکاری یان بۆبکرێ، بەهێزترین بڕگەو یاسا نێودەوڵەتیەکانیان بۆ بدۆزرێتەوە، لەنەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوی مەحکەمەی نێودەوڵەتی شکات لەتاوان باران بکرێ و پرۆسەکە وەکو جینۆسایدێک تۆمار بکرێ، **رۆژی گەل** بۆ ئەوەی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان خۆیان بدوێن، سەردانی کردن ولە نزیکەوە گوێی لە راو سەرنج و داخوازی ئەوان گرت، ئێمەش بۆ خوێنەرانی دەنووسینەوە:

سەرەتا چوینە ماڵی (**حاجی تالیب عەلی**) کەخەڵکی گوندی خاڵەبازیانی ناوچەی قەرەحەسەنە، ناوبراو هەردوو چاوەکانیشی تەواو کز وونەو ناتوانێ بەتەواێ شتەکان

ببینێ، بەم شێوەیە بۆمان دوا: من پێنج کورم ئەنفال کراوە، هیچ کامیان ژنی نەهاوردوی، کورەگەورەکەم ناوی ڕکبر بوی، مەوالید ساڵ پەنجاکان بوی، ئینجا محمد و ڕحمدو عیسام و جەژنی، عیسام پێشمەرگە بوی و ئەنفال کریا، من ران مەرم هەبوی، تراکتۆرو باخ و فەلاحەتم هەبوی، بەڵام هیچیان وەکەڵکم نەهاتن، تام سەعاتێ منداڵەکانم نادات، تاقە کوریکم ماوە لەگەڵ دوو کچ، حوکمەت مەعاشی ئەنفالمان ئەداتێ ، خانگیکیشی پێمان دایە، بەس وەشەرەشەقی، من حەز ئەکەم (عەلی حەسەن مەجید) و بەعسیەکان وەشەرتێ عیدام بکرێن و لەناو دەوڵەتەکان تر وتاوان بار ناونوس بکرێن وەک ئەڵێن ، مەحکەمەی گەورەی دەوڵەتەکان هەیە بێن وەچاو خۆیان ئەو ئیسقانانە ببینن و موشکیلەکە بکەنە عالەمی .

(**لەعلیە فەتاح**) کە خەڵکی گوندی ئۆمەرەگەدەیە و موالیدی

١٩٣٢ ووتی : وەڵا نازانم با سچی بکەم ٣ کورم هەبوو یەکێکیان پێشمەرگەی مامە ریشە بوو ئەنفالیان کرد ئیتر چاوم پێنەکەوتەوە، یەکێکیان سجن کرا لە سجن گێڕ و شەل بوو، یەکێ تریان محمد لەو ساڵەی کە ئینتفازە کریا لەگەل سی کەسی تر رەمیان کرد لە شۆرجەی کەرکوک، مێردەکەم کە ناوی عوسمان بوو ئەویش لە سجن تووشی نەخۆشی بوو دوای دەرچون بۆ ماوەیەک مرد, ئێستا لە مەدینە شۆڕش لەگەل کورەکەم و منداڵەکانی سەری خۆمان کز کردووە تاقە زەوییەکیان پێمان دا ئەویشمان لە تاو نەبوونی فرۆشت بەراستی بە باوکداری حکومەت بۆ خەڵک وا نابێ، گللەییمان لێیانە کە ئەم وڵاتە کاولەیە چاک ناکەنەوە، بازار هەرزان ناکەن , وە راستی ژیانمان ناخۆش و قوورسە , کور ئێمە لەناو چوو کەسێکی تر بەرەکەی ئەخوات.

حاجی عەلی خەلیفە ئیستا دانیشتووی ئۆردوگای بنەسلاوەیە

لە هەولێر ووتی: ئێمە هەتا دێیەکەمان ماوی لە بن پای پێشمەرگە بیمان کە ئەنفالیش کراین وەچەند مەرحەلەیەک بردمانیان بۆ (نوگرە سەلمان) لەوێ حکایەتەکانی ئەوەندە زۆر وەچەند کتێبێک تەواو ناوێ رۆژانە لەبرساو لە تونا کۆمەڵێک خەڵک دەمردن من خۆم مەلام پەیانم دەوت هەر بە جلەکانی خۆیانەوە بیان کەنە ژێر خۆڵەوە لەبەر ئەوەی ئەمەکانیش برسی بوون چاڵی باشیان یێنەئەکریا هەر چەند سەعاتێک دوای ئەوە سەگە رەش مەیتەکەی دەرئەکردوو ئەیخوارد, باس نوگرە سەلمان لەگەشت باسێ ناخۆش تره خێزانەکەم کە ناوی مەدینە بوو خۆم لەوێ نامە قەور وەلحاسل دەردمان زۆ ردی ئێستاش لەبەر حورمەتی مێزەرەکەم نەکە ئیهانەم بکەن قسە ناکەم با داخەکان لە دڵ خۆم بمێنێت من خۆم و ژنم و خزم و کەسو کارم سجن کراوین کۆمەڵێکیشمان لێ ئەنفال کراو نەگەریاوە کەچی ئێستا کابرایەکی قاچاغ چی و درۆزن ئەکرێتە زیندانی سیاسی و عەینەن حیساب ئێمەی بۆ ئەکەن ئەمە عەیبە, ناعەدالەتییە چۆن وا ئەوێ .

نەزیرە ساڵح خاوەنی کوریک و

کچێکە ، مێردەکەی کەناوی (عبدالله حسن) بوو ، ئەنفال کراوە ، ووتی : من پیاوەکەم ئەنفال کریاو بەدیار ئەو دوو منداڵەوەدانیشتووم هەتا پێیانم گەیاند ، وە گران نەبوونی ئێمە خەڵکی مەنتیقەی سەنگاوین نێزگ قادر کەرەم لەوجاوە ئەنفالەکە کریایە حەتا ئێستا هەر خەریک کوێرەوەریم لە خوا بەزیابی ئێستا فەراشم مەعاش ئەنفالەکەش وەردەگرم فەقەد وەڵاهی گرانییەکە بەشی هیچ ناکات چوونکە برام نییە دایکیشم کوێر بووەو ها لەمل من خۆشکێ ترم بێوەژنە ئەویش هەر لای منە چونکە منداڵی نییە ژیان ئەم فەقیرو هەژارە گەلێ ناخۆشە لەم وەزعە خەڵک هەیە پارەی کیلۆیەک گۆشتی لەماڵەوە نییە حکومەت لەخوا بەزیاد بێت دەوڵەمەندە حەقە لایەک لە خەڵکەکە بکاتەوە بیانحەسێنێتەوە چونکە وەڵا زۆر مەغدورن.

دووایی ئێمە وەک شاندێکی هەفتەنامەی **رۆژی گەل** سەردانی چەند کەسیکی دیکەمان کرد بەڵام هەندێکیان ووتیان هیچ نالێین چوونکە بێ سوودەو قسە هیچی لێ دەرناچێ بۆیە داوای لێبوردن دەکەین کە نەرەخسا بچینە خزمەت کەسانێکی دیکەو بیان دوێنین

. لە دواییدا چاومان کەوت بە مامۆستایەکی سەرەتایی کە ناوی (ع.ڕ.ک) بوو لە مەدینە شۆڕش ووتی من خۆم برام نەبووە لە ژیاندا بەڵام دە کەسی نزیکم لێ ئەنفال کراوە چوار ئامۆزا و دوو خاڵۆ و خاڵۆ زایەک و سێ پورزا من قسە لەسەر خزمەت گوزاری و قەربووی ئەنفال ناکەم چونکی دەسەلاتێک کە گەندەڵی باڵی بەسەردا کێشا بێت زەحمەتە شتی گرنگی لێ چاوەروان بکرێت (خانوو , زەوی, موچە) حەقێکی شەرعیە کەچی دەکرێتە قالبی موزایەدەوە سەرۆکی حکومەت ئەسڵەن سەردانی مەدینە شۆڕشی هەر نەکرد با ئەوان بێن لە ناو ناخی کەس و کاری ئەنفالەکانەوە لیژنەی داکۆکی کردن لە ئەنفال و ناساندنی ئەنفال بە جیهانی دەرەوە وەکو جینۆسایدێک دروست بکەن کەسێک کە تا دوێنێ نەیدەزانی ئەنفال موعاناتەکانی ئەنفال چییە ئەبآ چۆن بتوانێت ئەنفال وەک جینۆساید بە دونیا بناسێنێت نەک هەر ئەوە رەنگە نەتوانێت لە هەندی هەڵوێستشدا خۆی دەر بخات و بەرنگاری هەندێ خەڵک ببێتەوە بۆیە من داوام ئەوەیە کە چاوێک بەسەرجەم لیژنەکانی مافی مرۆڤ و داکۆکی لە ئەنفالکان بخشێنرێتەوە گۆڕانیان بەسەردا بڕنن و لە پا ش ماوەی ئەنفالکان دروستیان بکەنەوە چونکە خەڵکی وایان تیایە کەسی ئەنفال نییەو لە ئەنفالەکەشدا جێگای خزم و کەس و کاریشی نەکردوەتەوە کەی ئێستا دەم سپی ئەنفالە ئی ئەممە چی لێ چاوەڕوان دەکرێ.

راستیەکەی ژمارەیەکی زۆر لە پاشماوەی ئەنفالکراوەکان هیواو ئاواتی خۆیان لەسەر ئەوە هەڵچنی بوو کە رۆژێک لە رۆژان بەرپرسێکی گەورەی حکومەت سەردانیان بکات و ئەوانیش بە دڵی خۆیان قسەی بۆ بکەن، بۆیە کاتی باس لە سەردانی کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا خەڵکی زۆر کەیف خۆش بوون، پێیانوابوو کە سەرۆک خاکییە و خۆمانەیە و بەدەنگی خۆنانەوە ئەو پۆستەی وەرگرتووە بۆیەگوێمان لێدەگرێ و سەردانیشمان دەکات، بەڵام ئێستا هەندێک خۆزگە دەخوازن کە سەردانەکەی هەر نەکردبایە، چونکە سەرۆکی حکومەتی هەرێم بە شێوازێکی ئەوتۆ سەردانی چەمچەماڵی کرد کە زۆر نەشیاوبوو، بەتایبەتی ئەو هەموو سەیارە مۆدێل بەرزەو ئەو هەموو پاسەوانەو ئەو هەموو ئەتەکێتە ئیدی دڵ سارد بوونەوە، لەلایەکی دیکەوە سەرۆک سەردانی مەدینە شۆرشی نەکرد کە زۆرینەی پاشماوەی ئەنفالەکانی تێدا گیرساونەتەوە، هەروەها رێگەش نەدرا خەڵک ببینێ و بە دڵی خۆیان قسەی لەگەڵدا بکەن.

ئەمانەو دەیان شتی دیکە پاشماوەی ئەنفالکراوەکانی نیگەران کرد. هەرچەندە کە بەردی بناغەی هەزارو سەد خانووش دانرا.

ئامادەکردنی: بێستون و سازان

بانگەوازێکی بەپەلە

بۆبەرێزان:

سەرۆک مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەنابی نێچیروان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هە رێم

کاک عومەر فەتاح، جێگری سەرۆکی حکومە ت

نازەنین خان، وەزیری شارەوانی

نەوزاد هادی، پارێزگای هەولێر

داواکاری گشتی و هە موو لایەنی پەیوەندیدار

لەکاتێکدا کە بەرهەمی خوێنی شەهیدان و خەبات و تێکۆشانی هەموو سەرکردە سەر بەرزەکانی کوردستان ئەو ناوچە ئازاد کراوەی لێ بەرهە م هاتووە، و دوژمنانی گەل وولات کۆشش دەکەن ئەو ئەزمونەمان لێتێک بدەن، رۆژ لە دوای روژ لە دوای دارشتنی پیلان بۆ ئەو حکومە تەی ئێمەن بەلام هەندێک نا بەرپرس بە ناوی خزمەتکردن لە پێش شاشەکانی تەلەفزیۆن ئامادە دەبن وە بە وتارانەی کە پێشتر ئامادەیان کردووە باس لە نیشتمان پەروەری دەکە ن و لەلایەکی ترەوە بە دانانی پرۆگرامی جۆراوجۆر بۆ گە ندەلی و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان

تێدە کۆشن بەلام نازانن کە ئەم خەلکە چاویان کراوەترە و ئەو مەجالەیان پێنادەن بەکەیفی خۆیان هەرچی پێیان خۆشە بیکەن هەربۆیەش بە نیازم پەردە لە سەر گە ندەلییێکی تر لابدەین بەلام ئەوە نە بە ناوتەشهیرو یان ناوزراندن یان پرۆپاگەندە یان هەرشتێکی تر بە لکو ئەوە دە خوازێت کە لیژنەیەکی لێکۆلینەوە پێک بهێنرێت لەو بابەتە و دەیان بابەتی تر کە وەکو بەلگە مەوجودن.

لە کاتێک دا کە قائممقامی سۆران کرمانج عیزەت دەرگەلەیی خەریکی خەراب کردنی خانووی هاولاتیانە و سیاسەتی یەک بان و دوو هەوا ی هەیە، بەردە وامە لە کارە ناياساییەکانی، بە پێی ئەو زانیارییانەی کەلە تۆمارگەی خانوبەرەی سۆران دەستمان کە وتووە قائمقامییەتی سۆران هەستاوە بە هاوکاری لەگەل سەرۆکی شارە وانی(ئارام ئەحمەد حەسەن) بە تاپۆکردنی ئەو پارچە زەوییانەی خوارەوە بە شێوەی ناياسایی بە ناوی حیمایەکانی خۆی کە هەر خزمی خۆیەتی بە بێ ئەوەی کە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجوومە نی وەزیران یان هەبێت، بۆ مەبەستی تە خێیێ

کردن یان بە م شێوەی خوارەوە کە بەشێوەی ناوی سیانی و ژمارەی زەوی و رووبەرەکانیان دەست نیشان کراون

١/ کارزان محسن محەمەد ٢٤/٣٣٦ کەرتی ٦ کاولۆک ٢٣٢مەتر دووجار

٢/ فوئاد محەمەد محەمەدئەمین ٢٤/٣٨٤ کەرتی ٦ کاولۆک ٢٢٦ مەتر دووجار

٣/ هێمن مەلا محەمەد ٢٤/٢٧٠ کەرتی ٦ کاولۆک ٢٥٠ مەتر دووجار

٤/پێشەوا شەوقی سلێمان ٢٤/١٧٢ کەرتی ٦ کاولۆک ٢٥٠ مەتر دووجار

٥/ لاوەند ئەنوەر حەمەشەریف ٢٤/٤٥٧ کەرتی ٦ کاولۆک ٢٦٤ مەتر دووجار

هەربۆیەش بۆ مەبەستی پاراستنی مافی گشتی و نە هێشتنی گەندەلی پێویستی بە بریارێکی یەکلاکەرەوە هەیە بۆ مەبەستی دانانی لیژنەیەکی لێکۆلینەوە لە سەر گەندەلی و نێزیک کردنەوەی دەسەلات و هاولاتی.

کۆمەڵێک فەرمانبەری خۆبەخش
٢٠٠٨/٤/٤

رێزمان هەیە بۆ ئەوانەی کە ..

رێزمان هەیە بۆ ئەو دزانەی مانگانەکەیان لە مووچەی ساڵێکی سەرۆکی ئەمریکی زیاترە کە ٤٠٠ هەزار دۆلارە، و لە مووچەی ساڵێکی سەرۆکی فەرەنسی زیاترە کە ٤٢٣ هەزار دۆلارە و لە مۆچەی ساڵێکی شێوەرمەندی ئەڵمانیا زیاترە کە ٥٠٠ هەزار دۆلارە.. رێزمان هەیە بۆ ئەو کەسانەی کورسی پەرلەمانیان حجزکردوە بەلاَم دەوام ناکەن و ١٢٠ هەزار دۆلاریش لە مانگێکدا وەردەکرن. رێزمان هەیە بۆ ئەو کەسەی لە بریتانیا عانەی نەبوو و ئێستاکە لە دوبەی قەسری کرپیوە و جەنتای دەستی ژنەکەی حسابی نیومەلیۆن دۆلاری تێدایە. رێزمان هەیە بۆ ئەوە بەرپرسیارەی لەسوید لەسەر پارەی سوسیال دەژی و عارەقی فەلی بۆلۆنی دەکری و لە دوای یەک ساڵ گەڕانەوەی بۆ (عێراق و لحەبیب) فێلایەکی لە سوید کرپیوە بە ٨ مەلیۆن کرۆن و شوقەیەکی بۆ کورەکەی کرپیوە بە مەلیۆن و نێو کرۆنی سویدی. رێزمان هەیە بۆ ئەوانەی خەریکە لاسایی ئێمە دەکەنەوە و هەر بابەتێک بنووسین ئەوانیش دەنووسنەوە. رێزمان هەیە بۆ ئەوانەی بە ناوی مافی مرۆڤ سەری خەڵک تێک دەدەن. رێزمان هەی بۆ ئەوانەی بە یەک ناو کار دەکەن و هەر یەک دەڵێت من ئەسڵم و ئەوانی تر کۆپین. رێزمان هەیە بۆ ئەوانەی رێز لە خەڵک ناگرن و خۆیان بە مافیەروەر دەزانن. رێزمان هەیە بۆ ئەوانەی بەرگری لە دەسەلاَت دەکەن و بە ناوی رۆژنامەوانان قسەدەکەن.. رێزمان هەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی راستی ناڵێن و درۆ دەکەن..ئەزانن بۆ؟؟؟

ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ
١١-٤-٢٠٠٨

بیرۆکەی ئەم بابەتە و بە شێکی لە بابەتێکی نووسەر عەلی ئەرکەوازی وەرگیراوە...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com